# بژاردەیەک لەو ئامێرە پزیشکیانەی گۆڤاری تایم دەستنیشان کردوون



**گۆڤاری تایم چەندین ئامێری تەکنەلۆژی لە بواری پزیشکیدا دەستنیشان کردووە، لێرەدا ئێمە چەند نموونەیەك لە بژاردەکانی تایم دەخەینە بەر دیدی ئێوە.**

## بوتڵی ئاوی هۆشمەند

ئەوانەی گەشتیارن و بە بەناوچە شاخاوی و دەشتایی و بێ ئاو پڕ ئاوەکاندا دەڕۆن، ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بۆ گەشتەکەیان دابینکردنی ئاوە. هەموو شوێنێك کوردستانی خۆمان نییە کە بە قەولی شاعیر ئاوەکەی کەوسەر بێ، بەڵکو زۆر شوێن ئاوەکەی بۆ خواردنەوە ناگونجێت و هەم پیسن و هەم زیانیان هەیە..

کۆمپانیای Gudruru بەتڵێکی تایبەتی بەرهەمهێناه کە بە جۆری Crazycap ناسراوە. ئەم بەتڵە بە سوود وەرگرتن لە تیشکی سەرووی وەنەوشی لە ماوەی تەنیا یەك خولەکدا دەتوانێت ئاوەکە بپاڵێوێت و هەرچی ڤایرۆس و مایکرۆبە لەناوی بەرێت. بتڵەکە بەجۆرێکە خۆکار لە ماوەی دوو کاتژمێردا بۆ ماوەی ٢٠ چرکە ئاوەکە پاکژ دەکاتەوە.

# بژاردەیەک لە داهێنان

**ساڵی رابردوو، ساڵێکی پڕگرفت بوو بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە هەموو بەشەکانییەوە. کرۆنا هەموو جومگەکانی ژیانی گرتبۆوە و بەربەستی بۆ ژیان دروست کردبوو، بواری بەرهەمهێنانی**



## درۆنێک بۆ پاسەوانی و چاودێری

یەکێك لەو ئامێرە تەکنەلۆژیانەی کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا بەرهەم هات و لە ریزی باشترینەکان دێتە ژمار، درۆنی جۆری هەنگ (Bee) کۆمپانیای sunflower labs. درۆنێکی تایبەت و جیاواز.

درۆنی ناوبراو کە بە هەنگ و کەندوو ناسراوە، واتە وەك لە شێوەی هەنگ دەچێت و دوای ئەنجامدانی ئەرکەکەی خۆی دەگەڕێتەوە کەندووەکەی خۆی.

ئەم درۆنە خۆکارە و لەبری پاسەوان و چاودێر بەکاردێت. هەر جوڵەیەك بێت دەیناسێ و تەنانەت جوڵەی ئۆتۆمبیل و گیاندار و مرۆڤ لێکجیادەکاتەوە. لە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و شوێنی گومانەکە وێنەدەگرێ بۆ بەکارهێنەرەکەی بەرێ دەکا.

## مۆنیتۆری سامس

**مۆنیتۆرە چەماوەکان، باشترین شاشەن بۆ بینین بەتایبەتی بۆ ئەوانەی یاری ئەلکترۆنی دەکەن. لە ساڵی رابردوودا سامسۆنگ بە بەرهەمهێنانی شاشەی ئۆدیسەی جۆری odys-sey-g9 داهێنانێکی مەزنی لەمبوارەدا کرد.**






## ئامێرێک بۆ پەیوەندی لە نەخۆشخانەکاندا

یەکێکی دیکە لەو ئامێرانەی کە بەرای گۆڤاری تایم لە ریزی باشترینەکان لە بواری پزشکی دادێت، ئامێری Vocera Smartbadge ە. ئەم ئامێرە بۆ پەیوەندی گرتن لەنێوان کادر و پزیشك و کارمەندانی نەخۆشخانە داندراوە.. واتە لەوکاتەدا کە دەستیان گیراوە و ناتوانن بە مۆبایل پەیوەندی بگرن بەهۆی ئەو ئامێرەوە بە دەنگ پەیوەندییەکان وەڵامدەدەنەوە. ئامێرێکە لە مۆبایلێك بچووکترە و بەجلوبەرگی بەکارهێنەرانی هەڵدەواسرێ و بەکارهێنەر دەتوانێ بە فەرمانی دەنگی پەیوەندی دابمەزرێنێ. لە نەخۆشخانەکان بە زۆر هۆکار کارمەند و دکتۆرەکان ناتوانن بە مۆبایل پەیوەندییەکان وەڵام بدەنەوە ئەم ئامێرە زۆر کارئاسانی دەکات.



## هێدستێک بۆ سی تی سکان

هێدستی واقیعی مەجازی جۆری Augmedics Xvision بەڕای گۆڤاری تایم یەکێکە لە داهێنەرە سەرکەوتووەکانی بواری پزیشکی ساڵی ٢٠٢٠. ئەم هێدستە لە بواری تەندروستیدا زۆر کاریگەری هەیە. هێدستەکە دەتوانێ بە سی تی سکانکردنی وێنە سێ ڕەهەندییەکان بۆ پسپورانی بواری شکان و نەشتەرگەری یارمەتیدەرێکی بە سوود بێ.

# ـــــــەکانی ساڵی رابردوو

**تەکنەلۆژیشی لەم بوارەدا گرتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ئامێر بەرهەمهاتن کە وەك باشترین بژاردە لەم ساڵەدا سەیریان دەکرێ.**



## ThinkBook Plus لینۆڤۆ

ساڵی رابردوو کۆمپانیای لینۆڤۆ، لاپتۆپی جۆری ThinkBook Plus بەرهەمهێنا. لاپتۆپێك کە لە زۆر بواردا جیاوازی هەبوو لەگەڵ لاپتۆپێکی ئاسایی. یەکێك لە خاڵە ناوازەکان ئەوە بوو، کاتێك لاپتۆپەکەت دادەخست، لە پشتەوەی لاپتۆپەکەدا شاشەیەکی تەك رەنگ دەبیندرێ، شاشەیەکی ١٠,٨ ئینجی کە دەکرێت وەك ئامێرێکی کتێبخوێنی دیجیتالی دابندرێ.

شاشەکە دەتوانێت، ئیمێل، رۆژمێر، نیشان بدا و هەروەها بەهۆیەوە دەکرێت کتێب و فایلە PDFەکان بکەیەوە. هەروەها بەهۆی پێنووسێکی تایبەت یادداشت بنووسیەوە.

خودی لاپتۆپەکە شاشەکەی ١٣,٣ ئینجە و لە جۆری Corei7ی لەسەرە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و هاردەکەی ٥١٢ گیگابایتە.

## ـــــــۆنگی ئۆدیسە

**مۆنیتۆرەکە ٤٩ ئینجە، خێرایی وەڵامدانەوەی یەکجار زۆرە کوالیتییەکی بەرزی هەیە. شاشەکە ٥٢ رەنگی جۆراوجۆر و ٥ ئێفکتی تیشکی لە پشتی مۆنیتۆرەکە هەیە کە ئەمەش هەندەی دیکە شاشەکە سەرنجراکێشتر دەکا.**






# شاشەیەکی زیرەک بۆ ئۆتۆمبیل

کۆمپانیای هواوی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٠دا، شاشەیەکی زیرەکی بۆ ئۆتۆمبیل خستەڕوو کە شاشەکە خۆی لە ئاستی شاشە بەهێزەکانی ئەپلدا دەبینێتەوە.

شاشەی Hicar کە قەوارەکەی نزیکەی ٩ ئینچ دەبێت و بە کوالیتی HD نیشان دەدات. شاشەکە ٣٠ ئەپی لەسەرە و دەکرێت بە ویستی خۆت ئەوەی مەبەستت بێ لە ئەپلکەیشن بۆ دابندرێ. ئەو ئەپانەی لەسەری داندراون زیاتر نەخشە و شوێنی جوگرافیان لەگەڵ پرۆگرامەکانی تایبەت بە مۆسیقی و پەیوەندییەکان. شاشەکە سیستەمی وای-فای و بلوتوسی تێدایە و لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ.

شاشە زیرەکەکە بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانە دەگونجێت کە کامێرایان لە پشت و پێشەوە هەیە و بەهۆیەوە دەتواندرێ ڕێگای ڕۆیشتوو تۆمار بکرێ. فەرمانەکان بە دەنگی بەکارهێنەر و جوڵاندن ئەنجام دەدرێن. دەکرێت شاشەکە لەگەڵ دەنگی بەکارهێنەر ڕابێت و وەڵامی داخوازییەکانی بداتەوە. کۆمپانیای هواوی نیازی هەیە لەمەودوا ئەم شاشەیە لەسەر ئەم ئۆتۆمبیلانەی لە چین بەرهەم دێن دابنێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێک پرسیار دەکات چۆن دەتوانم بەشێك لە پرۆگرامەکان لە درایڤی Cەوە بۆ درایڤی D بگوازمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز، ئەگەر بتەوێ بەبێ پرۆگرام هەر لە خودی ویندۆزدا ئەم کارە جێبەجێ بکەی. سەرەتا دوو دوگمەی win-i پێکەوە دابگرە. دواتر کە سیستەم دەکرێتەوە و لەودا کرتە لەسەر بەشی App بکە و دواتر ئەو پرۆگرامەی مەبەستە بسڕێتەوە کلیکی لەسەر بکە و ئەوکات دەتوانی بیگوازیەوە یان بیسڕیەوە، دوگمەی Move بۆ گواستنەوە دابگرە و پاشان ئەو درایڤەی مەبەستە هەڵبژێرە و دیسان Move دابگرە و ئیدی بەم جۆرە پرۆگرامەکە دەگوازرێتەوە.

# تایم مۆبایلی ئایندە دەستنیشان دەکات

مایکرۆسۆفت پاش ئەوەی لەبەرهەمهێنانی مۆبایلەکانی جۆری lumia تووشی ئەزموونێکی سەرنەکەوتوو بوو، بۆ ماوەیەك لە بەرهەمهێنانی مۆبایل دوور کەوتەوە. تا ئەوەیکە مۆبایلەکانی زنجیرەی سێرفیسی بەرهەمهێنا. ئاکامی ئەو هەوڵەش بەرهەمهێنانی مۆبایلی جۆری Surface Duo بوو.

مۆبایلە تایبەتەکە لە دوو شاشەی لێکجیا پێکهاتووە کە بە ئاسانی دەکرێت پێکەوە لەسەر هەردوو شاشەکە کاربکرێ و پرۆگرام بکرێنەوە. گۆڤاری تایم ئەم مۆبایلەی لە ڕیزی باشترین داهێنانەکانی ساڵی ٢٠٢٠ داناوە. ڕای گۆڤاری تایم وایە کە دەبێت ئەم مۆبایلە لە ڕیزی مۆبایلی ئایندە دابندرێت. مۆبایلێك کە دەکرێت وەك تەبلێتێکی لێدێ و بەکارهێنەر پێویست ناکا دوو ئامێری تەبلێت و مۆبایلی پێبێت. شاشەکان هەتا ٣٦٠ پلەش لێك دەکرێنەوە و دەچنەوە سەریەك.





# هاوڕێیەکی گەشتی بە سوود

ئامێرە وەرگێڕەکان لە داهاتوودا گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێت، چونکە گەورەترین گرفت بۆ گەشتیار جا بۆ هەر شوێنێك بچێت کێشەی زمانی شوێنەکەیە، بەڵام بەهۆی وەرگێڕە دیجیتاڵییەکان ئەم کارە زۆر ئاسان دەبێت.

ئامێرێکی وەرگێڕ بەقەد مۆبایلێك دەبێت و هەم قەبارە و هەم بارستایی کەمە.. یەکێك لەو وەرگێڕانە، وەرگێڕی BUOTH، کە جۆرەکانی جیاوازن.

ئەم وەرگێڕە پێویستی بە هێڵی ئینتەرنێت نییە و پشتیوانی لە ١٠٦ زمانی زیندووی جیهان دەکات. جگە لەوەش دەتوانرێ بە هێڵی ئینتەرنێت ببەسترێتەوە ئەوکات خزمەتگوزارییەکانی زیاتر دەبن. کامێرای هەیە و هەر وێنەیەك بیگیری زانیاریت لەبارەی وێنەکە دەداتێ. دەتوانی هەموو نووسراوێك بۆ زمانی مەبەست وەربگێڕی. ئەم وەرگێڕە بۆ منداڵانیش سوودی زۆرە، چیرۆکی زمانەکانی دیکە بۆ منداڵان بە زمانی دایك وەردەگێڕێ.



## ماڵپەڕێک بۆ دەستکاری کردنی وێنە

بۆ ئەوەی کە وێنەیەك دەستکاری بکەی پێویستت بە پرۆگرامێکی تایبەتە کە ناسراوترین و باوترینیان فۆتۆشۆپە، بەڵام دەکرێت لە ڕێگای ماڵپەڕی تایبەتی بە ئاسانترین شێوە دەستکاری وێنە بکەی. بۆ نموونە ماڵپەڕی https://hotpot.ai/tools کە خزمەتگوزارییەکی بێ بەرامبەرە. لەم ماڵپەڕەدا دەکرێت وێنە ڕەش و سپییەکان بکەی بە ڕەنگی. وێنە کۆنە و تێکچووەکان سەرلەنوێ باش بکەیەوە. دەکرێت پشتەوەی وێنەکان (باکگراوند)ی لابەری و هەروەها دەتوانێ وێنەکە لێڵ بکەی و گۆڕانی بەسەردابێنی.

# پرۆگرامێک بۆ زۆر مەبەست

یەکێك لەو پرۆگرامە گرنگانەی کە ساڵی ڕابردوو زۆرترین بەکارهێنەری هەبوو، پرۆگرامی Camtasia Studio بوو. پرۆگرامێك لە یەك کاتدا چەندین ئەرك ئەنجام دەدات و هەم بەکارهێنانی ئاسانە و هەم سوودی زۆری هەیە.

بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانرێت فیلم لە شاشە هەڵبگیرێت، پرۆگرامەکە توانای ناسینی جوڵەکانی سەر شاشەی هەیە. بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامەکە بەبێ شارەزاییەکی ئەوتۆ دەتوانرێ کلیپی زۆر باش دروست بکەی. هەروەها دەتوانرێ فیلمە HDیەکانی سەر کامێرا و مۆبایلەکەت بهێنە سەر کۆمپیوتەر و بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەستکاریان بکەی و دەتوانی بەرهەمی کارەکەت لە ئینتەرنێتدا هاوبەش بکەی.

دروستکردنی فیلمی فێرکاری یەکێکە لە سوودە گرنگەکانی پرۆگرامەکە. دانانی ئێفێکتی جۆراوجۆر لەسەر فیلمەکە کاری دروستکردنی پرۆژەکان ئاسانتر دەکات.

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

- تۆمارکردنی پەنجەرەیەك لە ویندۆز یان بەشێکی تایبەت لە شاشە یان هەمووی شاشەکە.
- تۆمارکردن بە کوالیتی بەرز و لە گشت فۆرماتەکاندا.
- زیادکردنی وێنە و مۆزیك بۆ فیلمە گیراوەکان.
- دەستکاریکردنی خێرا و ئاسانی کلیپەکان.
- دانانی ئێفێکتی جۆراوجۆر لەسەر فیلمەکان.
- دانانی ئەنیمەشن لەسەر فیلم بۆ ڕێنوێنی.
- هاوبەشی کردنی فیلم لە یوتیوب و گوگڵ درایڤ.

